## پشتگیری ئامادەبووانی ژووری ئازادی ویەکسانی
## لە خۆپیشاندانی خەڵکی خۆراگری کەلار

جارێکی تر خەڵکی کەلار لەپێناو سادەترین پێویستییەکانی ژیان هاتنە مەیدان ، جارێکی تر لە نەبوونی کارەبا و ئاو و لەگەندەڵی و فەسادی ئیداری هەتا سەر ئێسقان ،خەڵکی کەلار نامەیەکی توند و تیژ و پشت بەستوو بە ئیرادەی خەڵکی بێدەرامەت و مەینەتبار، دا بەدەستی پارەزێرانی گەندەڵی و پێشەلکەرانی مافی ئینسان .
ئەمرۆ رق و قینەی خەڵکی گەرمیانی ماندوو، گەرمیانی لەبیرکراو ، گەرمیانی ئەنفال، عەرشی دەسەڵاتی لەرزان لەکەلاردا ،
نەیەکەم خۆپیشاندانە و نە دواجارێشە . ئەمرۆ کەلار ، دوێنێ رانییە و دەربەندیخان ، سبەینێ شارێکی تر دێنە مەیدان و هاوار ئەکەن دژ بەم دەسەڵاتە . ئاخر لە کوێی ئەم دونیایەدا هەیە کارەبا و ئاو نەبێ ، خەڵکیش خۆپیشاندان بکەن بۆ داواکارییەکانیان ، بەڵام دەسەڵات وەک کاری هەمیشەیی بە گولە وەڵامیان بداتەوە .
14 ساڵە ژییانیان تاڵ کردووە لە چینی هەژار ، 14 ساڵە گەندەڵی و فەسادی بەردەوامە ، 14 ساڵە رۆژ بە رۆژ سەرمایە کۆئەکەنەوە و خۆشگوزەران ئەژین بەڵام خەڵکی رەنجبەر و هەژار رۆژانە مەرگ میوانیانە ، 14 ساڵە وەک پاشان و دەسەڵاتیان هەیە بەڵام کرنۆش ئەبەن بەرامبەر داگیرکەران و کۆنپەرستان .
وەی چەند ترسنۆکن کە بە گولە وەڵامی خۆپشاندەران ئەدەنەوە .

ئێمە کۆمەڵێک لە ئامەدەبووانی ژووری ئازادی و یەکسانی کە هەمان رۆژی خۆپیشاندانەکەی کەلار ئامادە بووین لەم ژوورە بۆ نارەزای دەربرین لە کارە نا ئینسانییەکەی دەسەڵات و پشتگیری لە داوا رەوەکانی خەڵکی کەلار . دەنگی خۆمان ئەخەینە پاڵ خەڵکی کەلار و داوا ئەکەین لە هەموو خەڵکی ئازادی خواز و کەسانێک کە خۆیان لە بەرەی ئازادی و پێشکەتنخوازان ئەزانن ، کە بێ دەنگ نەبن لە پشتگیری خەڵکی کەلار و مەحکومکردنی دەسەڵاتی یەکێتی ،
خوازیاری ئەوەین کە برینداران باش ببنەوە .
بژی خەڵکی کەلار بۆ هاتنە مەیدانیان ،
بێتە دی داوەکاریەکانتان ،

کۆمەڵێک لە ئامەدەبووانی ژووری ئازادی و یەکسانی
2005-9-7